شیعر

حەمە شوان شەریف

# ڕەنگە، ڕەنگی باران لە ڕەنگی ژن و پیاو بچێ

١– گەل

دەنگی سەربەستیم گپ مەکەنەوە دەنا وەک باران دەڕژێمە سەر شۆستەکانتانەوە و بە زریان ڕاتان دەماڵم.

٢– بڕیار

ئەو لێوە ڕەنگ هەنارییانەت ژەهریشیان پێوە بێ

دەبێ هەر ئێوارەیەک بیانمژم.!.



٣– ئاوەژوو

گومان

نەک پەنجەرە بەڵکو

دڵەکانیشتانی داپۆشیوە لە ڕق و خۆشەویستی.

ئەگەر ئەڵێی وا نییە؟

هەنگاوێکتە بۆ فێربوونی درۆ.

٤- دووباره

له جەنگدا سەركەوتن رووی داوه

له دڵداریدا مەحاڵ .

٥- بەراورد

خۆرم خۆش دەوێت و سوریالیانه  بۆی دەڕوانم

مانای ئەوه نییه بەردی تێ دەگرم

ئەی ئەوه نییه لێره بەستەڵەکه و

لەوێ چەتری بۆ هەڵدەدەن،

ئەم نا یەکسانییه تا ئێستا نه یهێڵاوه دڵنیابم.!.



٦- رێککەوت

له ژێر باڵی دەرەختێکی رووتدا

بێ هیوا نوستم،

پێش کازیوه

له باوەشی ژنێکی بێ گەردا خەبەرم بوویەوه .

٧- دڵنیام

ژن و پیاو  له ژیاندا

دوو رێگا له یەکیان جیا دەکاتەوه

هەندێکیان هەڵدێن وەک مانگ

هەندێکیان پێچەوانەی ئاو دەڕۆن و

گومڕایی سەریان دەبڕێت،

من خۆم دەزانم  چ رێگەیەکیان

له ژیاندا:  تەوێڵی گەزتووم .

هەر بۆیه ژن و پیاو به بێ بوونی یەکێکیان، ئەویتریان نامێنێ  .

**٨- چاو**

**رووته وەکو ئاو**
**لێڵە وەکو گۆم**
**مەنگە وەکو ژن**
**جوانە وەک یەکسانی**
**هەنێ جاریش**
**خێلە وەک یاسای سووڵتان .**

**٩- باران**

**پاک دەبیتەوە  لە ژێر بارانێکدا ئەگەر بگریت**
**بۆگەن دەکەی ئەگەر کچێکت  خۆش نەوێت .**

**١٠- ئاویل**

**شاعیر دەبێت لە رۆژێکدا چوار جار خۆشەویستی بکات**
**لەگەڵ**
**ژن و   پایز  و تەنیایی و نیشتماندا**
**دەنا شاعیر نییە!**



**١١- خۆشەویستی**

**سێ بەشی زەوی  ئاوە**
**بەشی تۆ ناکات!**
**چوار بەشی من خۆشەویستی.**
**تۆ بڵێی بەشی تۆ بکات؟**

تەوێڵ: نێوچێوان، ناوچەوان، پانە .

ئاویل: بینین، چاویلکە.